# زنجیرە ئەڵقەی هەڵبژاردن....... ئەڵقەی شەشەم ... مافپەروەر: ئارام موحسین گەردی

aram_mmmm@yahoo. com



سەرکردایەتی کورد لەماوەی ئەو چەند ساڵە شارەزاییەکی چاکی لەبواری دیبلۆماسی درووست کردووە، لەکاروباری دەرەوە پێشقەچوونێکی گورچك بڕی بڕیوە، مەگەر دوولەتبوونی خۆمان نەبووایە ئێستا لە فرکەی باڵمان دەدا.

کورد هاوکێشەکان باش دەخوێنێتەوە، ئەوە بۆیە کە عەبدولعەزیز حەکیم (سەرۆکی لیستی براوە) لە هەولێر بوو دوای ئەوەی سەرۆکی کوردستان و هێژا نێچیرڤان بارزانی بینی، کۆمەڵێك مەلای بە مەندیلیان بۆ حازر کردو ئەویش بەمە زۆر خۆشحاڵ ببوو.

نووکە ئەوەی بیری لێدەکرێتەوە لە عێراق، ئەنجامەکانی هەڵبژاردن و وەدەستهێنانی کورسی و پێکهێنانی حکومەت و هاوپەیمانیەتییە، بەکەم هاوپەیمانیەتیش پێش ئاشکرابوونی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن خۆشبەختانە لە لایەن کوردەوە بوو، کاتێك یەکگرتووی ئیسلامی بڕیاریدا بچێتە پاڵ 730، کەواتە چ ناحەزێك دەڵێت یەکگرتوو نەتەوەچیاتی ناکات؟؟

لە پەرلەمانی داهاتووی عێراق کە چاوەڕێ دەکرێت بەڕێز جەلال تاڵەبانی بۆ سەرۆکی کۆمارو عادل عبدالمهدی بۆ سەرۆکی وەزیران و عدنان دلێمی بۆ سەرۆکی پەرلەمان هەڵبژێردرێن، قەت ناتوانین بڵێین حکومەتی عێراق لەسەربنەمای تایفەگەری درووست نەبووە، بەڵام خۆ ئەمە پێکهاتەی عێراقەو ناکرێت بیسڕینەوە.

ئەوەی گرنگە دوای پێکهێنانی حکومەتی عێراق، حکومەتی کوردستان یەکبگرێتەوە، هێندەی نەماوە تۆپ بکەوێتە پەرلەمانی کوردستان ئەوسا ئەو پەرلەمانە سەنگی مەحەك دەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پرسیارەکانی هاوڵاتیانی پێش هەڵبژاردن.

کات زۆر خێرا تێدەپەڕێت، لە شانسی کوردیش کەم جاری واهەبووە کات لە بەرژەوەندی دابووبێت، بۆیە هەمیشە بە تێپەڕبوونی کات هەلەکان کەمتر دەبنەوە، ئەمەریکا کە دوێنی مەلەفی ئاسایش و سەربازی مەخموری بە فەوجی گارەی پێشمەرگە بەخشی، دەشیتوانی بە هێزێکی (ING) عێراقی بسپێرێت، ئەوە سیگناڵێکی ڕوونە بە ئاقاری ڕووناکی دەوڵەتی کوردی.

بۆیە سوپاس بۆ ئەمەریکیەکان.

بەشەکان: 1 – 2 – 3 - 4 - 5